**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ٨**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواكردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨) یدا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەڵاتەش كە بڕگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەماندا :

**یاسای ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ( ٢٠٠١ )**

**ماددەی یەكەم :**

ئەگەر مێردێ ژنەكەی تەڵاق داو ، دادگا بۆی دەركەوت كە مێردەكە بە زوڵم تەڵاقی داوەو بە تەڵاقدانەش ژنەكەی زەرەرمەند كردووە ، ئەوە ، لەو بارەدا ، دادگا لەسەر داوای ژنەكە حوكمێكی ئەوتۆ بەسەر مێردەكەدا دەدات كە لە گەڵ باری دارایی و گوزەران و پلەی زوڵمەكەیدا بگونجێو زەرەرەكان سەرجەم خەملێ دەكرێن بە مەرجێ سەرەڕای مافە چەسپاوەكانی دیكەی ژنەكە نەفەقەكەش لە ماوەی دوو ساڵ كەمتر نەبێ و لە (٣) سێ ساڵیش تێنەپەڕێ .

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەركار .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا دەخرێتە بەركار .

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com